شێخ جەعفەر شێخ مستەفا پێشوازی لە کونسوڵی گشتی هەنداڵ لە هەولێر دەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠٢٤/١/١٠ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە یاکە بیرەندس کونسوڵی گشتی هەنداڵ لە هەولێر کرد، کە کانەنە بارت کینبەرخ، فەرماندەی سەربازیی هاوپەیمانیی نوودوولتیی راوێژکارانی هێزکانی هەنداڵ لە عیراق و هەرێمی کوردستان یاوەریان بوو.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی جێگری سەرۆکی هەرێم لە کەبوونەوەکەدا دوایین پەرەسەندن و پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکانی عیراق و هەرێم، بارودۆخی ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە، هەماهەنگی و بەردانی زیاتر بە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان وڵاتی هەنداڵ و هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنی دۆخی سەربازیی و پێسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە و چەند پرسێکی جێی بایەخی هاوبەش، تاوتوێ کران.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەبوونەوەکەدا جەختی لە بەردەوامبوونی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و هەنداڵ کردەوە، هەروەها گفتووگۆکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عیراق و هەرێمی بە پێویست زانی لەپێناو دۆخی هەستیاری ناوچەکە و چارەسەرکردنی

کۆشکان لە چوارچێوەی دەستوور و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت، دواتر سەبارەت بە پێسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگەش لە چوارچێوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا، تیشکی خستە سەر هەنگاوەکانی ئەو پێسەیە و خەراکردنی ئەو میکانیزمانەی کە گرنگە بە خزمەتکردنی پێسەی یەکخستنەوەکە.

لای خۆیانەوە وەفدی میوان، دووپاتیان کردەوە کە بەردەوام دەبن لە هاریکاری و بەودان بە پێیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرەمی کوردستان، هەروەها یارمەتیدەر دەبن بە چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی سەقامگیری لە عیراق و هەرەم، پاشان ڕەی هەرەمی کوردستان و پێشمەرگەیان لە بەرەنگاربوونەوە و تەکشاندنی داعش بەرز نرخاند و هیوایان خواست گفتووگۆکانی نێوان بەغدا و هەولێر ببێتە هەکارەك بە چارەسەرکردنی کێشەکان و جێگیربوونی سەقامگیریی دەخی ئەمنی و سیاسی و ئابووری.